# کچی سێو

تەرزە جاف



ئەی کچی سێو!

تاوێک لەبەر ئاوێنەکەت بسرەوەو گوێیەک بۆ نۆتەکانی لەشت ڕابگرە!

گەر ئاوێنە تۆی نەناسیەوە : بچۆ بەر پەنجەرە و دەستێک بە تاڵە شەرمنەکانی پرچت دا بێنە!

گەر ئاسمانیش خۆی لێت شاردەوە :

دەفتەرێکی پەمەیی دەربهێنە و بە دووای یادەوەرییەکانی خۆتدا بگەڕیٚ !

گەر فۆتتەکان خۆیان لێت گۆڕی : لە ئەلبوومێکدا بە دووای مچورکە عەیارەکاندا بگەڕیٚ!

گەر زریکەی ئازاری وێنەکان دەبەنگیی گوێتیان دڕی : ئەلبوومەکەت دانیٚ و لە تاریکی ناخی خۆتدا بە دووای خوادا بگەڕیٚ وبپاڕێوە:

- ئە خودای لە میهرەبانیدا بیٚ نموونە،

منیش لە تەنیاییدا بیٚ نموونەم. .

خاوێنی پێستم شەق دەکات

پاکیزەیی : ڕۆحم لە قاڵب دەدات و باڵەکانی هەوەسم هەڵدەکروزێنیٚ. .

ئەی خودای گەورە : من ئاوی غوسڵ ختکاندمی

من هەر هەناسەیەک دەدەم : غوسڵێک دەردە کەم

من گوناح ناکەم و غوسڵ دەردەکەم. .

ئەی خودای خالیق

من ئادەمم لە داوێنی پاکمەوە خولقاند و غوسڵ دەردەکەم

من هێشتا نەشوەیەکی لەززەت نەیگرتووم کەچی پۆل پۆل منداڵەکانم پیٚ>ەگرن و جێم دەهێڵن

من هەناسەیەک پرچی شەرمنم ماچ ناکات و گوناهبار دەبم. .

ئەی خودای گەورە

کە ئاسمان خۆی لێم بشارێتەوە

ئەی من ئەو هەموو غوسڵە بۆ دەردەکەم ؟

کە ئێستا تەنها پشیلە بەردەرگام بناسێتەوە

ئەی من ئەو هەموو پەپوولەیەم بۆ لە خۆ دەتۆراند ؟

من ئەو هەناسە ڕەنگینانەم بۆ دەسپاردە ئەلبوومەکان گە ر ئێستا بە نیگاکانم بخنکێن؟

کوردستان نێت

من هەستە خەناوییەکانم لە ناو تاکە گۆڕەوییەکاندا بۆ زیندان دەکرد: گەر بمزانیایە هەموو ڕۆژ نینۆکەکانم دەبنە مەعبەدی شەیتان؟

من چیم کردبوو تا ئاوی دەستم وەک گۆشتی سەگ حەرام بێت؟

دەی خودای گەورە و دلۆڤان

با غوسڵەکان بۆ سیاسەتمەدارەکان بن

گوناحەکان لە ئەستۆی داوێن پیسەکان

با ئاوی دەستی حەرامخۆرەکان حەرام بێت

خەنەکانیش بۆ دەستی بووکە یەکشەوەکان "

من

تەنها

ئاوێنەیەکی ڕاستگۆم بەسە :

گۆرانیە خنکاوەکانی لەشم بۆ بڵێتەوە و

قفڵەکانی پرچم بە هەتاو بسپێرێت.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت